## یاسای بوجەی ساڵی (٢٠٠٢)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٩**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/١/٢**

پشت بە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی(١)و(٥)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکاریی وەزیری دارایی وئابووری ورەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٣١)ی ڕۆژی (٢٠٠١/١٢/٣١)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

### یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١
### یاسای بوجەی ساڵی (٢٠٠٢)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

١- بۆ خەرجە جارییەکانی ساڵی(٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی(٢٫٥٣٦٫٦٧٤٫٠٠٠) دینارو (١٨٠) هەزار دۆلاری ئەمریکییە:

أ- بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی (٣٨٫٢٥١٫٠٠٠) دینارو (١٨٠ ٠٠٠) دۆلاری ئەمریکییە.

ب- بۆ وەزارەتەکـــان و ئیـــدارەکـــانی هەرێم چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی(٠٠٠ر٤٢٣ر٤٩٨ر٢) دینارە.

٢- بۆ بوجەی ساڵی (٢٠٠٢)ی کارگە و سەنعەتگاو دایەرەو شیرکەت و بانکە بازرگانییە خۆماڵدارکارەکان (ذات التمويل الذاتي)چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی(٠٠٠ر١٤٢ر٣٩٧) دینارە:

ا- بۆ کارگە و سەنعەتگا و دایەرە و شیرکەتەکان چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی(٠٠٠ر٧٧٥ر٣٧٩)دینارە.

ب- بۆ بانکە بازرگـــانیـــیـــەکـــان چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی(٠٠٠ر٣٦٧ر١٧) دینارە.

٣- بۆ بوجـــەی پلانی ســـاڵی (٢٠٠٢)چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی (٠٠٠ر٢٢٤ر٣٨٨)دینارە.

٤- بۆ ناوچە کوردەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەر ئەو تەخصیصاتە دادەنرێ کە لە بوجەی ساڵی (١٩٩٧)ی هەرێمدا تەسدیق کراوە.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی ساڵی (٢٠٠٢)ی هەرێمی کوردستانی عێراق بە چەندین بڕ پارە دەخەملێنرێ سەرجەمی (٩٨٢ر٠٤٥ر٨٢٨ ر١) دینارە.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پێی مەواردی دارایی بەردەست (المتاحة)حساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان پارەدار دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە لە چوارچێوەی بوجەکەی خۆیدا موناقەلە بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەڵات دەدرێ بە وەزیری دارایی و ئابووری لەناو ئیعتیماداتی هەر

بابێکدا موناقەلە بکات،(تەنیا فەصلی مووچە نەبێ کە دەشێ بۆی نەقڵ بکرێ و لێی نەقڵ نەکرێ).

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە کە موناقەلە لە نێوان ئیعتیمادەکانی ئەبوابی بوجەکەدا بکات بە مەبەستی ئەوەی توانستی خەرج وسەرف بۆ ئەو ئیدارانە فەراهەم بکات کە لە وەزارەتێکەوە دادەبڕدرێن و دەلکێنرێن بە وەزارەتێکی دیکەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

دەسەڵات دەدرێ بە وەزیری دارایی و ئابووری کە سەرجەمی ئیعتماداتی تەسدیقکراوی بوجەی ساڵی (٢٠٠٢) بەڕێژەی (١٪)لە سەرجەمی ئیعتیماداتی تەسدیقکراوی بوجەکە، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە زیاد بکات:

١- ئیعتیمادکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ ئیدارە تازە دانراوەکان لەماوەی ئەو ساڵەدا.

٢- زیادە ئیعتیمادکردنی نوێ بۆ بوجەکانی وەزارەتەکان وئیدارەکان لەکاتی ناکاودا کە ئەمەش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەبەر ڕۆشنایی کولفەی مووچە تەسدیقکراوەکانی بوجەکەدا، موفرەداتی میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٢) ئامادە دەکات وتەسدیقی دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

دەسەڵات دەدرێ بە وەزیری دارایی و ئابووری کە لە ماوەیەکدا، لە دوو هەفتە نەترازێ ـ کە لە ڕۆژی دەرهێنانی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکات ـ ڕێنمایی پێویست بۆ دیارکردنی دەسەڵاتی سەرف بۆ ئیدارە حکومییەکان دەربکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی یازدە:**

ئەم یاسایە لە رۆژی(١/١/٢٠٠٢)وەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقایعی کوردستان)دا بلاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**